# وانه ئاینییه‌کان

## بۆزانیاری منداڵانی کوردستان

www.ketab.ir

ئاماده‌کردن و کۆکردنه‌وه:

مه‌لا جه‌مال ره‌حیمی

انتشارات امام ربانی

مریوان

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | رحیمی، جمال، ۱۳۴۷ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | وانە ئاینییەکان بو زانیاری منداله کوردی زوانه کان/ ئاماده کردنی مەلاجەمال رەحیمی. |
| مشخصات نشر | : | مریوان: امام ربانی، ۱۳۹۲. |
| مشخصات ظاهری | : | ٦٤ص. |
| شابک | : | 978-600-6962-01-6 |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | اهل سنت -- عقاید -- ادبیات کودکان ونوجوانان |
| موضوع | : | نماز -- اهل سنت |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۲BP۲۰۶/۵ ۲و۲۷ر/ |
| رده بندی دیویی | : | ۲۹۷/۴۱۴ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳۰۵۴۰۱۵ |

**انتشارات امام ربانی**

# وانە ئاینییەکان

| | |
|---|---|
| ✓ ناوی کتێب (نام کتاب): | وانە ئاینییەکان |
| ✓ نووسەر (مؤلف): | مەلا جەمال رەحیمی |
| ✓ کەرەتی چاپ (نوبت چاپ): | یەکەم (اول): ۱۳۹۲ |
| ✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ): | ۲۰۰۰ (بەرگ) جلد |
| ✓ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع): | ٦٤ صفحەی رقعی |
| ✓ بڵاوکەرەوە (ناشر): | انتشارات امام ربانی |

نرخی: ۲۰۰۰ تمەنە

شابک: ۶_۰۱_۶۹۶۲_۶۰۰_۹۷۸

ISBN: 978 - 600 – 6962 - 01 - 6


www.ketab.ir

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله ربّ العالمين و الصّلاة و السّلام على سيّدنا محمّد و آله و صحبه اجمعين.

حەزرەتی پێغەمبەر درودو سەلامی خوای لەسەر، ئەفەرموون: «مُروا الصَّبيَّ بِالصَّلاة إذا بَلغَ سَبْعَ سِنينَ، واذا بَلَغَ عَشْرَ سِنِينَ فَاضْرِبوه عَلَيْها[1]» واتە: کاتێک مندالْ حەوت سالْ لە تەمەنی تەواو بوو، دەستوری پێ بدەن بە نوێژ کردن، کاتێ کە دە سالی تەواو کرد لێی بدەن لەسەر نەکردنی.

پێشەوایانی دین، فەرمویانە: پێویستە لەسەر باوکان و دایکان و سەرپەرشتکاری منالْ، کە منالْ حەوت سالْ لە تەمەنی تەواوکرد، فێری (طهارة)[2] و نوێژ و باقی ئادابە شەرعییەکانی بکەن. و پێویستە هەولیان لەگەلا بدەن بۆ کردنی نوێژ، بۆ ئەوەی کاتێک لە سەری واجب بوو، بەو

---

[1] اخرجه الإمام أحمد وأبو داود.

[2] واتە: بزانێ چۆن دەستنوێژ بگرێ و چۆن شتی پیس بوو بەو جۆرەی کە شەرع بریاری داوە نوێژی بکات.

جۆرە کە شیاوە، گوێرایەڵی خوا بەجێ بێنێت و وازی لێنەیەنێت و دین و باوەڕی پتەو، لە دڵیا ریشەدار ببێت.

وە هەروەها ئەفەرموون: ئەبێ ئەمری پێ بکەن بە ئامادە بوون لە ریزەکانی جەماعەتا و بە سیواک کردن و باقی ئەرکە دینیەکان و تێی بگەیەنن چی حەرام و قەدەغەکراوی شەرعیە، وەک زینا و رووانیین بۆ نامەحرەم و خواردنەوەی شەراب و درۆ و غەیبەت و..

وئەم واجبی سەر شانی باوک و دایک و سەرپەرشتکاری منداڵە بەردەوامە، تا منالەکە بلووغی ئەبێت و قازانج و زەرەری دینی و دونیایی خۆی ئەزانێت.

جا بۆ ئەوەی منالە خۆشەویستەکانی کوردستان، ئەوەی پێویستە لە بوواری ئەسل و فەرعی دین، فێر بن، ئەم بەندەیە، بە یارمەتی خوای گەورە، هاتم ئەم چەند پەڕەیەم لە کتێبە ئاینیە بڕوا پێکراوەکان وەک (منهاج) ئیمامی نووی و (مغنی المحتاج) شێخی شەربێنی و شەریعەتی ئیسلام دانراوی مامۆستا ملا عبدالکریم مدرّس، رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت، دەرهێنا و ناومنا(وانە ئاینیەکان بۆ زانیاری منداڵانی



www.ketab.ir

کوردستان) هیوادارم خوا بیکاتە هۆی شارەزایی و ڕێنومایی و مایەی قازانج بۆ هەموومان آمین.

زۆر سوپاس و ڕێزم هەیە بۆ ئەو مامۆستایانە کە لوتفیان کرد ئیجازەیان فەرموو ئەم نامیلکە لە خزمەتیانا بخوێنرێتەوە و هەر هەڵە و نارێکییەک لە ڕستە و دارشتنیا بوو ڕاستیان کردەوە، خوا پاداشیان بە بەهەشت بداتەوە، بە تایبەت، مامۆستا مەلا (عبدالباسط) عالی سیاناو، خوای گەورە بیان پارێزێ و تەوفیقی زیاتریان پێ ببخشێت آمین.

مزگەوتی حەزرەتی حەمزە لە شاری مەریوان

ڕێکەوتی ١٣٩٢/٩/١٢هەتاوی

جەمال ڕەحیمی

www.ketab.ir

## وانەی یەکەم: ناسینی پێغەمبەرمان درود و سەلامی خوای لەسەر بێت.

پێغەمبەری ئێمە ناوی حەزرەتی (موحەممەد) ە درود و سەلامی خوای لەسەر، باوکی ناوی (عبدالله)ە باپیری (عبدالمطّلب)ە کوڕی (هاشم) کوڕی (عبدالمناف)ە دایکی ناوی (ئامینە)ی کچی (وَهْب)ی کوڕی (زُهْرە)یە لە شاری (مەککە) لە دایک بووە و هەر لەوێدا لە تەمەنی چل ساڵیدا خوا کردوویە بە پێغەمبەر بۆ هەموو جنّ و بەشەر لە دووای سێزدە ساڵ لە پێغەمبەری، بە فەرمانی خوا ڕۆیشتووە بۆ شاری (مەدینە) لە شەست و سێ ساڵیدا لە شاری مەدینە، وەفاتی بۆ بووە و مەرقەدی پیرۆزی، لە شاری مەدینەیە.

www.ketab.ir